# گەڕانەوەیەکی بەهێزی سەدر!

30-08-2022

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە** : گوتارێکی موقتەدا سەدر بەس بوو بۆ ئەوەی پێکدادانی نێوان ئەندام و لایەنگرانی رەوتەکەی لەگەڵ بەشێك لە گرووپە چەکدارییەکانی شیعە رابگیردرێت

## بەرایی

گوتارێکی موقتەدا سەدر بەس بوو بۆ ئەوەی پێکدادانی نێوان ئەندام و لایەنگرانی ڕەوتەکەی لەگەڵ بەشێك لە گرووپە چەکدارییەکانی شیعە رابگیردرێت. ئەمەش گەڕانەوەیەکی بەهێزی سەدر بوو، بەتایبەت دوای ئەو" وازهێنانەی" کە ڕایگەیاندبوو! ئەو جارێکی دیکە نمایشی توانا و دەسەڵاتی بێ رکابەری خۆی بەسەر لایەنگرەکانی ڕەوتەکەی کردەوە و لە ڕێگەی گوتارەکەی، ئەوەی پیشاندا کە سەرەڕای "وازهێنان"، پرۆسەی سیاسی بەبێ سەدر، لانیکەم لە ماوەی کورتخایەندا، واتای ئاڵۆز و ناسەقامگیری دەدەات. هەروەها مۆرێکی راستیش بوو لەو شرۆڤانەی کە پێیانوابوو هێشتا زووە پێکدادانەکان ببنە شەڕێکی فراوانی نێوخۆیی شیعی.

## زیادبونی گوشارەکان و پەرچەکرداری سەدر

لە ماوەی رابردوودا چوارچێوەی هاوئاهەنگی هەوڵەکانی چڕکردبووەوە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان ڕێکبخات تاوەکو قسەی خۆی بباتە سەر. ئەمەش بەبێ گوێدانە ئەو داوایەی سەدر سەبارەت بەوەی پێویستە دەسبەجێ پەرلەمان هەڵبوەشێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا، ڕەخنەکانی "ئایەتوڵڵا" کازمی حائیری لە سەدر و داواکەی لە شیعەکان بۆ ئەوەی ڕابەری ئێران بکەنە مەرجەعی خۆیان، گورزێك بوو لە پێگەی ئایینی سەدر. کاتی خۆی، سەدر لای حائیری وانەی "خارج لە فیقهی" دەخوێند و بەو پێیەی هەرکەسێك کە بیەوێ ببێتە مەرجەعی تەقلید، پێویستی بە ڕەزامەندی مەرجەعێکی دیکەیە، ئیدی لەمەودوا سەدر ناچارە لە دەرگای مەرجەعێکی دیکە بدات! ئەمە بێجگە لەوەی کە هەندێك لە موقلیدەکانی حائیری کە بۆ خۆی خەڵکی عێراقە، لایەنگری سەدرن و قسەی مەرجەعیش بۆ" موقەلیدەکانی" قورسایی خۆی هەیە. هەروەها دژی پێگەی "ئایەتوڵڵا" سیستانیش بوو کە سەدرییەکان لە ململانێیەکانیاندا لەگەڵ چوارچێوەی هاوئاهەنگی، بۆ باڵانسی ڕەوایی ئایینی و جەماوەری کەڵکیان لێوەردەگرت. بۆیە موقتەدا سەدر لە وەڵامی "ئایەتوڵڵا" حائیری دا کە داوای لە شیعەکان و "موقەلیدەکانی" خۆی کردبوو کە ئیدی پرس و ڕا بە ڕابەری ئێران بکەن، گوتبووی "نەجەفی ئەشرەف شوێنی مەرجەعییەتە" وەك ئاماژەیەك بۆ مەرجەعیەتی "ئایەتوڵڵا" سیستانی.

زۆر سەرنجڕاکێشیشە کە پێشتر لە تۆمارە دەنگییەکانی نووری مالیکیشدا، باسی مەرجەعێکی ئایینی بە ناوی "ئایەتوڵڵا میرزا" هاتبوو کە گوایە فەتواکەی بۆ شەڕ ئامادەیە!

لە ماوەی رابردوودا گوشارە سیاسیی و ئایینییەکان بۆ ڕێبەری ڕەوتی سەدر بە جۆرێك زیادیان کرد کە ڕەنگە بە پێویستی زانیبێت جارێکی دیکە ئەوە بە بیر هەمووان بێنێتەوە کە پرۆسەی سیاسی بەبێ ئەو تێکدەچێت و ئاڵۆزی عێراق دەگرێتەوە. ئەوەی لە ڕۆژانی رابردوودا روویدا، گرژی و دواتریش پێکدادانێکی کۆنترۆڵکراو بوو کە سەرئەنجام هێز و توانای سەدری بۆ تێکدانی یارییەکان لە چوارچێوەی هاوئاهەنگی و تەنانەت بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی گرژییەکان پیشاندایەوە.

پێچەوانەی ئەو دیدگایەی کە پێیوابوو شەڕێکی نێوخۆیی گەورەی شیعی ڕوودەدات، ئەمە لە سەرەتاوە دیاربوو کە تەنانەت ئەگەر شەڕیش ڕووبدات ئەگەری گەورەبوون و درێژەکێشانی زۆر نییە، چونکە بەرلە هەموو شتێك، سەدر لە ڕێگەی "دەستلەکارکێشانەوەکەی"، دەرگایەکی کراوەی بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە لە دەستی خۆیدا هێشتبووەوە وەك ئەوەی کە کردی. ئایەتوڵڵا سیستانیش قسەی کۆتایی خۆی نەکردبوو. هەروەها سەرەڕای زیادکردنی گۆشارە سیاسی و ئایینییەکان بۆ سەدر، هێشتا هەموو لایەنەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگیش خوازیاری گرژکردنی زیاتری دۆخەکە نەبوون. ئەمە بێجگە لەوەی کە لانیکەم لەم وەختانەی ئێستادا، پاڵنەرێکی دەرەکی بەهێز نەبوو بۆ ئەوەی کە شەڕی نێوخۆیی شیعە گوڕتر بکات. بەدەر لەوەش، شەڕی نێوخۆی شیعە دەیتوانی کاریگەری لەسەر بازاڕی نەوت، هەروەها بازاڕێکی 40 ملیۆنی بۆ دەر و دراوسێیەکانیشی دابنێت کە جێگەی پەسەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نییە.

## ئێستا چی ڕوودەدات؟

لە دوای هەڵبژاردنەوە تائێستا، سەدر چەند جارێك دەرفەتی بە چوارچێوەی هاوئاهەنگی دا تاوەکو حکومەت پێکەوەبنێ. وەك مۆڵەتە چل ڕۆژییەکە، کشانەوەکەی لە پەرلەمان و دوای ئەوەش نوێژەکەی سەدر کە تێیدا جەختی کردبوو لەوەی کە دەکرێ حکومەت پێکەوە بنێن، بەڵام چەند مەرجێکی بۆ دانابوون. لەبەرامبەردا، چوارچێوەی هاوئاهەنگی بە بەربژێرکردنی محەممەد شیاع سوودانی کە سەدرییەکان وەك کۆپی دووەمی مالیکی سەیریان دەکرد و هەوەرها لە ڕێی بەیاننامەیەکەوە کە گوایە ڕێگە نادەن بەو گۆڕانکارییانەی کە مستەفا کازمی سەرۆکوەزیران لە هەندێك پۆستی وەك دەزگای هەواڵگری و نوسینگەکەی خۆیدا کردوونی، ئەو ترسەیان لای سەدر گەورە کرد

که نەکا دوای پێکەوەنانی حکومەت، هەوڵەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی بۆ سڕینەوەی ئەو زیاتر بن. ئەمە ڕێك ئەو ترسە بوو کە پێشتر چوارچێوەی هاوئاهەنگی لە حکومەتێکی سەدری هەیبوو! ئەوان پێیانوابوو کە ئەگەر سەدر بە تەواوی جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست، ئیدی ئەوان دەسڕێتەوە.

بە ئەگەری زۆر، دوای ڕووداوەکانی ئەو چەند ڕۆژە، ئیدی باسی ڕێککەوتنی سەدر و چوارچێوەی هاوئاهەنگی بۆ هاوبەشی لە حکومەت کۆتایی هاتووە و ئەوەی لە ئاسۆ دیارە هەر دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنە بە ئەگەری زۆر. سەرئەنجام هەردوولا سازشێك لەسەر ئەوە دەکەن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەوانەیە تاوەکو ماوەیەکی دیکەش گرژییەکان بەردەوام بن. چونکە حکومەتیش پێکبهێندرێت ئەوا هەموو کات ئەگەری دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندان و ناسەقامگیری لە ئارادا دەبێت و ئەستەمە لایەنێکیشان بتوانن لە شەڕێکی نێوخۆییدا ئەوی دیکەیان بسڕێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە سەدر جەختی لە وازهێنانی خۆی لە سیاسەت کردەوە، بەڵام "وەزیرەکەی" لە تویتەر گەڕاندەوە و بە گوتنی ئەوەی کە "ناهێڵن دەستدرێژی بکرێتە سەر خۆپیشاندەران"، ئەو پەیامەی دا کە بەو ئاسانییە مەیدان چۆڵ ناکات!